# چین باجی گومرگی بەسەر هەندێک کاڵای هاوردەکراوی ئەمریکا سەپاند

چین ڕۆژی سەشەممە باجی گومرگی لەسەر هەندێک لە کاڵای هاوردەکراوی ئەمریکا ڕاگەیاند، لەوانە نەوتی خاو، ئامێری کشتوکاڵی و گازی سروشتی شل.

کۆماری چینی میللی ڕۆژی یەکشەممە ڕایگەیاندووە، سەپاندنی باجی گومرگی ئەمریکا بەسەر وڵاتەکەماندا "بنیاتنەر نییە" و تەنها کارەکانی هاوبەشی هەردوو وڵات بە بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان "لاواز دەکات" و چین جەختی لەوە کردەوە کە "سکاڵا لە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی تۆمار دەکات و ڕێوشوێنی گونجاو دەگرێتەبەر"، ئەوەش دوای ئەوەی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، باجی گومرگی بە ڕێژەی 10% بەسەر کاڵاکانی هاوردەکراوی وڵاتی چین سەپاند.

وەزارەتی دەرەوەی چین لە بەیاننامەیەکدا دەڵێت: "هیچ براوەیەک لە شەڕی بازرگانی و گومرگی نییە"، ڕایگەیاندووە"چین ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتەبەر بە بەرگری لە مافەکانی."